
شیعر



هاشم سەڕاج

# ئێزیس

١

ڕووبار سەوز و درێژە
وەک زوننارە زەردەکەی کەمەرت
ڕووبار سەوز و درێژە
وەک زریزەی زەردی جانتاکەت
شەوە شینەکان لە ئامێزە
پرتەقاڵییەکەت دەکەن
بەربەیانە نارنجییەکانیش
لە کراسە سپییەکەت



٢

چێشتەنگاوێکی مۆر
ڕۆح لە پڕێکا خرۆشا
بەئینجانەیەکی پڕاوپڕ
لە

عەتر و ڕەنگ و ئەڤین و

کۆکایین و

بۆیە سوورەکانی وڕێنەو

کریستاڵەکانی کراک

لە دەرگا ڕەشداگەڕاوەکەی

ماڵەکەتانم دا

ئاخ!

"پەرستگایەک لە بەفر و عەتر و عیشق و خەڵووز"

لەسەر ترۆپکی بەرزاییەشینەکانی گیان

بەسۆز وشەیداییەوە دەسووتا و

ئاسمان کەفەسابوونی وشەی دەپرژاند و

زەویش میتاڵە ئاڵۆزاوەکانی نێو دەروونی

بەدەنگێکی غەمبار

هاوارم کرد:

ئیزیس ئیزیس ئیزیس


کەیبانووی خانووی ئاوەدان

وەی گوڵە زەنبەقەی فیردەوسەکانی خودا

کێ ئاگری پیاڵەی پیرۆزی

تیا هەڵکردی؟!






٣

پاکیزەیەک بەلەنجەوە

لە دەروازەی دڵ

دەرکەوت و

چەرچەفی خۆری

بەلەشیا ئاڵاندبوو و

دەسکێشی

خەرمانەڕەنگی مانگیش

له پەنجەبلوورییەکانی و
بە شانەیەکی شینی شازادەییش
تاڵ تاڵ
قژە قاوەڕەنگەکەی
شانە دەکرد و
بە شەپۆلەکانی
فۆنیمی قەدەر
گۆرانی بۆ میهر
دەچڕی و
پێدەکەنی وسەمای دەکرد



٤

ئیزیس
بۆنی
سەڵساڵەکانی ئەزەل و
عەتری گوڵە لۆتسی
باخچە حەرامەکانی چێژو لیبیدۆی
لێ دەهات و
تنۆک تنۆک
شەرابی کەسکی زەمەن
لەڕووخساری دادەچۆڕا
دەتگوت
ئارەقی لەشی
شۆڕەبییەکی شۆخ و سەلارە و
سکاڵا لە ڕۆحی بێپایانی
سرووشت و
گەمە بێهودەییەکانی
مەرگ و زیندەگی دەکا!

من هەرئەوەندەم زانی بە
بۆنی پێستی بنێشترەنگی و
ورشەی  پۆشاکی زیوینی و
تیشک وپرشنگی
ڕووخساری خوداوەندی
سەرمەست وپەرێشانم
لەپڕ خۆم
بەئینجانەیەکی پڕاوپڕ
لە
هێشووی وشەی  بەتاڵ و
دڵ و  دەروون و زەینی
بەتاڵ و
ئیقاعگەلێکی بەتاڵ
دۆزییەوە و
لەکۆڵانە تەنگەبەرەکانی
(خود) دا  وازیم  بە
کەفە  سابوونە
سەوزو سوورەکانی
بێهوودەیی
دەکرد




١٢ /٢٠٠٨/٤